# ئایا سزای پەنابەرانی تاوانبار دیپۆرتکردنەوەیە....؟

جەمال کۆشش 14.1.2010

ڕۆژانە دەیان و سەدان کەس بەبۆنەی تاوانبارییەوە، بۆ ناوچەکانی جەنگ ونائارامی و کووشتار دیپۆرتدەکرێنەوە. ڕۆژانە دەیان وسەدان کەس بەبۆنەی بوونی لەکەی تاوان و بەکارهینانی توندو تیژی لەدۆسیەکەیدا، لەگەلیک مافی سادە بێبەش دەکرێت. وە بە دڵنیایەوە لە مافی هاوڵاتی بوونی ووڵاتانی ئەوروپایی.

پەنابەرێکی کوردی عیراقی لە بەریتانیا، بەناوی ئاسۆ، کەلەم ڕۆژانەدا لە هەندێک ماڵپەڕو ڕۆژنامەدا((ئاوێنەو ڕووداو))، بەهۆی کووشتنی منالێکی بەریتانیەوە، بە هۆکاری ئۆتۆمبیل لەکاتیکدا ئاسۆ نە مۆڵەتی لێخوڕینی هەیەو نەماشێنەکەی بیمەکراوە، هەواڵی ئەوەیان بلاوکردۆتەوە. هەڵمەتی بەزۆر دیپۆرتکردنەوە لە هەندێک ناوەندەوە دەستی پیدراوە.

سەدان نموونەمان لەو جۆرە هەیە. زۆر ناشرینترو زاڵمانەتر، پەنابەرێک کە ماوەی 11 ساڵە لەسویسرایە ، دوای ئەوەی مافی پەنابەریتی رەفز دەکریتەوە، داوای مۆڵەتی مانەوە بە هۆکاری کار دەکات، وە شەرتی مانەوە بە کریکاری ئەوەیە((5 ساڵ بیت لەسویسرا بیت، پەیمانی کاری بۆ ماوەی ساڵێک هەبیت، سومعەی پاک بێت))، ئەو پەنابەرە دوو مەرجی یەکەمی دەبیت، مەرجی سێیەم کەدەچیت بۆ لای پۆلیس پێدەڵین کە تۆ دوو جار سزای خراپ راگرتنی ئۆتۆمبیلەکەت نەداوە کە دەکاتە 80 دۆلار، ئامادە نین ڕازی بین لەسەر مۆلەتەکەت. گەلیک هەوڵیداوە کەلە ڕیگای پارێزەری تایبەتیەوە کە زیاتر لە 7000 هەزار دۆلاری تیچووە ، وەپاریزەرەکەی ئەم ناحەقیەی لە نیو میدیاشداووروژاند ، بەڵام هەر بایەخی نەبوو بۆ مافی مانەوەی، وە پاش تەواو بوونی کاتی دیاریکراوی، ئەو کەسە زیندانی کرا و ئامادەکرا بۆ ناردنەوە، ناچار داوای کرد لە زیندان ئازاد بکریت ئەوا ئەو سویسرا جیدەهیلیت و ئەمەش پێشهات...بەهەر حاڵ هەزار ڕووداوی لەو جۆرە بەبێ ئەوەی سەرنجێکی جددی لە کارەساتەکە بدەین تێدەپەڕن.

ئەم بابەتە لە لێکدانەوەی پەنابەرانیشدا ، رەواجیکی هەیە و وەک ئاسایی و مەشروع و حەق بەوان لە قەڵەم دەدریێت. لە زۆریک لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەل پەنابەران، ئەم بابەتە وەک ڕێگایەک بۆ دوورخستنەوەی توندوتیژی لەکۆمەڵگا وپاراستنی دانیشتوان و پابەند بوونی پانەبەران بە یاساکانەوە خراونەتە ڕوو.

بەزۆر دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بە هۆکاری ئەنجامدانی تاوان، خۆی تاوانێکە و دەوڵەت ئەنجامی دەدات بە هاوکاری ئەو دەوڵەتەی بۆی ڕەوانە دەکریتەوە، وە لەدژی مافەکانی مرۆڤ و ڕیککەوتنە جیهانیەکانی مافەکانی پەنابەرانە.

ئەگەر ئیمە بەگشتی لەسەر ئینسان لیکۆڵینەوە بکەین، وە ئینسانمان بۆ گرنگ و پیرۆز بیت، ئامادە نەبین ئینسان بەگوێرەی ڕەچەڵەک ونیشتمان و جۆری ناسنامەو مۆڵەتی مانەوە کە بەشێکن لە ستەمەکان و دابەشکردنی ئینسانەکان بۆ پلە یەک ودووەکان وخوارتر ئەوا یاسا قەزاییەکانی هەر ووڵاتە سزای تاوانبارانی تیا دیاریکراوە. کە پیویستە بە گوێرەی ئەو یاسایانە هەر کەس سزای تاوانەکەی خۆی وەربگریت. تۆڵەکردنەوە لەتاوانبار بە دیپۆرتکردنەوەی بەزۆر، مۆرک وناوەڕۆکیکی یاسایی کۆنەپەرستانەیەو لە سەر بنەمای چاو بەچاو و دان بەدان دامەزراوە.

ڕوانگەی جیاواز هەیە بۆ تاوان وە بازنەی تاوانباریش فراوانەو پلەی جۆراجۆری هەیە. دەوڵەتانێک کە پەیرەوی لە یاساکانی ئیسلام دەکەن، تاوانباران کەسانیکن، وە دەوڵەتانیک کە دیکتاتۆرو سەرکوتگەرن، تاوانبارانیان کەسانیکی دین. لە

وولاتانی دیموکراسیشدا تاوانباران کەسانیکی دین، کەبەزۆرییان پەنابەرانن، مێژووی بەئینسانیکردنی کۆمەڵگای ئینسانی، بریتی بووە لە کەمکردنەوەی لیستی تاوانباران و گۆڕینی ڕوانگەی ئینسان بۆ تاوان.

بەڵام ناکریت ئەم دیدگایە، تیگەیشتنی دیموکراسی ئەوروپایی ئەمڕۆ، هەر لەم تیگەیشتنەی خۆی پیداگری بکات، بەڵێ زۆرترین زیندانی لە ئیمەن، زۆرترین بەکارهینانی توندوتیژی لە ئیمەن.بەڵام ئەمە بەڵگەی قانع کەر نین، وەرن تەماشا بکەن: هۆکارەکانی زیندانیەکانمان چین ، تەمەنمان چەندە، لیکۆلینەوەکان دەردەخەن، بەشیکی زۆریان هەژاری، بیکاری، بیوەڵام و خۆشاردنەوە ترس لە دیپۆرت ،،لاون . بەڵام لەزیندانەکانی هاوڵاتیانی ئەوروپا بە زۆری تەعدای جنسی ومندالّ بازی ... و تەمەنیان لە سەرووی چلەوەیە. کەواتە ناکریت ئەو هەلومەرجە لەبەرچاونەگیریت کە کاریگەرییان هەیە لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە و ئەو ژینگەیە هەلنەسەنگینریت کە تاوانەکەی تیا ئەنجامدراوە. دەستکاری ئەو هەلومەرجە نەکریت، تاوانبار دیپۆرتبکریتەوە. ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە. کەمکردنەوەی ڕادەو ئاستی تاوانباری لە کۆمەڵگایەکدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەباشترکردنی ژیان وياساکانەوە دەبیت، نەک بە دوورخستنەوەی تاوانباران. ئەم هەلومەرجەی ئیستای پەنابەران، بەکۆمەڵ پەلکیشیان دەکات، تەشجیع و هاندەریان دەکات بۆ تاوانباری، هەلومەرجی بیکاری، هەزاری، نەخوێندەواری، شانسی کەمی تیکەڵاوبوون، نەخۆشیە دەروونیەکان، ساڵانیکی زۆری چاوەنواڕی و تەردو رەفزومەترسی دیپۆرتکردنەوە، پروپاگەندەی بیگانەدوژمنی باڵی راست و ناساندنی پەنابەران وەک کانگای بەڵا و بار بەسەر کۆمەڵگاوەو ئینسانی سەرەتایی و دارستان و مافیا..ئەمانەن سەرچاوەی سەرەکی پالنانی بەشیک لە پەنابەران بۆ تاوان وتاوانکاری بەگوێرەی یاساکانی وولاتانی ئەوروپا. کەسانێک کە ئایندەی خۆیان نەبینەوە لەو وولاتە، کە هەست بەوە بکەن لێیان بێزارن و زوو یان درەنگ دەبیت بڕۆنەوە. پتر دەستیان بۆ تاوان ئاوەڵا دەبیت. ئەم ئەو تەڵەیەیەکە کە ڕاوی چاکی بۆ پۆلیسی دەوڵەتانی ئەوروپا کردووە.

هەرگیز مەسەلەکەش پەیوەند نیە بە پەیرەوی کردنی هەموان بەیاساکانەوە. گەلیک تاقم و دەستەی تر هەن کە لەزۆر بواردا پەیرەوی لەیاساکانی وولاتانی ئەوروپا دا ناکەن. لە وانە منالان و ژنان یک کە لە نیو کلتوورو داب ونەریتی ئیسلامیدا دەژین.

لەلایەکی ترەوە ، لەلایەن دەولەت و بەتایبەت لەلایەن وەزارەتی کۆچ وپەنابەرییەوە، گەلیک یاسا وڕیسای مافەکانی پەنابەران و منالان وپاراستنی خیزان پێشیلدەکریت و یان نایاسایین ، وە ناکۆکە بە ڕییکەوتننامەکان. سزای ئەو تاوانانە ئەبیت چی بیت کە ئەم هەموو ستەمە لە پەنابەران دەکرێت.؟

بۆ ئەوەی یاساکان بە دروستی و ئینسانیانە جی بەجی بکریت، پیویستە هەموو کەس وهەموو دەزگایەک بگریتەوە، ئەمەش ڕادەی تاوان لە نیو پەنابەران یەکجار کەمدەکاتەوە. تاوان بە تاوان وەڵام نادریتەوە، تاوان بە شیکی بە سزای یاسایی چارەسەر دەکریت. ئاسۆ یەکیکە لەو تاوانبارانە پیویستە بەپێی مادەی تاوانبارانی ڕووداوی ئۆتۆمبیل لە وولاتی بەریتانیا سزا بدرێت. دیپۆرتکردنەوەی ئاسۆ دەبیتە تۆڵەکردنەوەیەکی عەشەیارییانەی راسیستی کە دەوڵەت ملی پێدەدات.